# بۆ وەدەرنانی پەکەکە گوشارەکان بۆ سەر حکومەتی هەرێم چڕتر دەبێتەوە

رۆژی گەل



چەند رۆژێک بوو هەڕەشەکانی تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان لە کورتی دابوو. پێشتر ئەردۆگان گوتبووی جارێ با ٥٠٠٠ گەریلای پەکەکە لەنێو خاکی خۆمان نەهێڵین، ئەوسا بۆ وەدەرنانی ٥٠٠ گەریلای ناو باکوری عێراق! لەشکرکێشی بکەین. ئەو لێدوانەی ئەردۆگان لە لایەن دەستەڵاتدارانی باشووری کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکراو بە باشی هەڵسەنگێندرا، بەڵام کاربەدەستانی تورک نەیانتوانی چەند هەفتەیەک دەستنویژ رابگرن، لە هەفتەی رابردوو جارێکی دیکە هەڕەشەکانی خۆیان دەست پێکردەوە.

رۆژی ٢٢-٦-٢٠٠٧ هەردوو رۆژنامەی "حورییەت و سەباح" سەبارەت بە کۆبوونەوەی نێوان رەجەب تەییب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورکیاو یاشار بیوک ئانت سەرۆکی ئەرکان نووسیبوویان کە ئەردۆگان گوتویەتی:{ ئەگەر حکومەتی عیراق هاوکاریمان بۆ لەناوبردنی پەکەکە هاوکاریمان نەکات، ئێمە ناچاردەبین هێرشی سەربازی بۆ سەر باکوری عێراق بکەین! ئەردۆگان گوتویەتی: تورکیا بۆ ئەنجامدانی هەر شتێک بۆ ناوبردنی پەکەکە و سەقامگیرکردنی ئاساییش لەو وڵاتەدا ئامادەیە ئەگەر هێرشکردنیش بێت بۆ سەرهەرێمی کوردستان، بەردەوامیش دەبین لە کۆبوونەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە تایبەت لەگەڵ حکومەتی بەغدا تا بە تەواوی کێشەی پەکەکە چارەسەربکەین}

راستیەکەی چەند رۆژ ئەوە ئەردۆگان سەبارەت بە لێدانی پەکەکە و لەشکرکێشی بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان لە نەتەوەیەکگرتووەکانی خواستبوو کە هاوکاریان بکەن.

دوای لێدوانەکانی تەیب رەجەب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا، ژەنەراڵ جۆزێف راڵستۆن نێرراوی تایبەتیی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە لە تورکیا رۆژی هەینی رابردوو بە رۆژنامەوانانی گوت: پێویستە کوردەکانی عێراق گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچەکانی خۆیان دەربکەن.

راڵستۆن لە لێدوانێکیدا گوتبووی : پێویستە سەرکردە کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق مامەڵەیان لەگەڵ گەریلاکانی پەکەکەدا بگۆڕن و وەک "تیرۆریست" مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و لەناوچە کوردییەکان دەریان پەڕێنن، چونکە پەکەکە لە جیهاندا بە "تیرۆریست" ناوی دەرکردووە و دەبێت سەرکردە کوردەکانیش نەهێڵن ناوچەکانیان لەلایەن پەکەکەوە بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا بەکاربهێنرێ.

دیارە لێدوانەکانی ئەردۆگان و راڵستۆن شێوەی هەڕەشەو گوشاری ئاشکرای پێوە دیارە. ئەوە جارێکی دیکەش گوشارەکان بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان چڕتر دەکرێتەوە، گەرەکیانە شەڕی کورد بە کورد زیندوو بکرێتەوە، هەرچەندە کە سەرکردەی پارتە دەستەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان بە فەرمی رایانگەیاندووە کە ئەوان جارێکی دیکە شەڕی گەریلاکانی پەکەکە ناکەن و بەو باوەڕە گەیشتوون کە کێشەی پەکەکە بە شەرو ئۆپەراسیۆن یەکلایی نابێتەوە. ئەوان خوازیارن کە ریگەی دانوستاندن و دایالۆک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و کۆتاییهێنان بە گەریلاکانی پەکەکە هەڵبگیرێتەوە.

دوایین هەڕەشەکانی ئەردۆگان و لێدوانەکەی راڵستۆن لەگەڵ ئەو ستراتیژە نوێیەی حکومەتی ئەمریکا هاوکاتە کە دەیەوێ لە عێراق دا هەنگاوی بۆ بهاوێژێ.

تورکیاو خودی ئەردۆگانی سەرۆکوەزیران دڵنیان لەوەی کە هێزە چەکدارەکان و سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق رووبەڕووی تەنگژەو گێژاو بۆتەوە، دەیانەوێ تێیدا سوودمەند بن و ئەمریکا ناچار بکەن کە بۆ لێدانی پەکەکە هاوکاریان بکات، بەڵام حکومەتی ئەمریکا لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە مەترسی بۆ زیاتر ئاڵۆزبوونی رەوشی عێراق لێکدەداتەوە، بەوهۆیەشەوە رێگەی لەشکرکێشی پێنادات، بەڵام ناچارە بەشێک لە خواستەکانی تورکیا جێبەجێ بکات، لەوانیە حکومەتی هەرێمی کوردستان رابسپێرێ تا بۆ وەدەرنان و لێدانی گەریلاکانی پەکەکە یان هاوکاری تورکیا بکەن یاخود راستەوخۆ هەنگاو هەڵبگرنەوە کە ئەمەش داهاتوویێکی نادیاری لێدەکەوێتەوە. هەم برینی جەستەی کۆمەڵگەی کوردەواری قوڵتر دەبێتەوە هەمیش گورزی گاریگەر بە ئاسایش و هێمنایەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێ.

ئەگەر هێزە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان گوشارەکانی تورکیاو ئەمریکا پەسند بکەن، نەک هەڕەشەی راشکاوانە لەسەر چارەنووسی کوردستان دروست دەبێ، بەڵکو دەلیڤەیەکی باش بۆ دەست تێوەردانی دەرەکی دەرەخسێنێ، زەمینەی بەرەوپێشەوەبردنی خواست و ئاواتەکان لەبار دەچێ.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان شان بۆ گوشارەکان نزم بکات، گوشاری دیکەشی بەدواوە دێ. لەوانەیە ئەوکات تورکیا لە خاڵی هێزەوە پێ لەسەر ئاسایی نەکردنەوەی رەوشی کەرکوک و بەرێوەنەبردنی ریفراندۆم دادەگرێ. دەوڵەتانی عەرەبی و هێزە عەرەبییەکانی عێراق و بەرەی تورکمانی راشکاوانەتر دێنە مەیدان و هەوڵی راکێشانی هێزی نێودەوڵەتی دەدەن. هاتنی هێزی نێودەوڵەتی بۆ کەرکوک پارسەنگی هێز بە لای تورکیاو عەرەب دادەشکێنێتەوە، کورد تێیدا زەرەرمەند دەبێ. کەواتە هەر ئێستا پێویستە کە دەستەڵاتدارانی باشووری کوردستان گوشارەکان رەت بکەنەوەو رێگەی خۆپارێزی بگرنەبەر.

بێگومان رەتکردنەوەی گوشارەکانی ئەمریکا و تورکیا هێندە ئاسان نیە، بەڵام پێویستی بە بوێری و دڵسۆزی و خۆڕاگری زیاتر هەیە. ئەمەش سەرچاوە لە پتەوکردنی ریزەکانی کوردستانیان دەگرێ، دەبێ هەر لە ئێستاوە بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاوی کردەیی هەڵبگیرێتەوەو کۆتایی بە سیاسەتی جیاکاری و هاوێرکاری بهێنرێ.

بەڵگەنەویستە کە درزی بچوکی نێوەخۆ ئەگەری تەقینەوەی گەورەتری لێ دەکرێ، بەوهۆیەوە ئەرکی سەرشانی دەستەڵاتدارانی کوردستانە کە باوەش بۆ هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەبێ گوێدانە رامانی سیاسیان. بکاتەوە، دەنا ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوەو پەشیمانیشی بە دواوە دێ.

## منداڵانی بێ سەرپەرست لە عێراقی دیموکراسی و فیدراڵدا

ئاکۆ مەجید

دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە بەغدادی پێتەختی عێراقدا لە خانەیەکی منداڵاندا دەیان منداڵی ئازار چەشتوویان دۆزیەوە کەهەم ئازارو ئەشکەنجە درابوون، هەمیش هەندێکیان دەسدرێژی سێکسیان لێکرابوو جارێکی دیکەش پرسی دیموکراتیزەکردنی عێراق هاتە رۆژەڤەوە.

دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق سەدان منداڵ بێ سەرپەرست مانەوە، هەندێکیان لەلایەن خێرەومەندانەوە وەرگیران و هەندێکی دیکەشیان رەوانەی ئەو شوێنانە کران کە بەمەبەستی پەروەردەکردنی منداڵانی بێکەس و بی سەپەرست کراونەتەوە. زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زۆرینەی ئەو منداڵە بێسەرپەرستانە دووچاری ئازارو مەینەتی و برسێتی بوونەتەوە، بەڵام مەحمود شێخ رەزا وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق لەجیاتی ئەوەی بەدوای کێشەکە دا بچێ، کەچی لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هێزەکانی ئەمریکای تۆمەتبارکردو گوتی کە زیاد لەئاستی خۆی مەسەلەی ئەو ٢٤ منداڵە عێراقییەیان گەورە کردۆتەوە کە لەخانەیەکی منداڵانی بێسەرپەرست لە شاری بەغدا بەرووتی و برسێتی دۆزراونەتەوە .

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو عێراقەی کە ناوی فیدراڵی لێنراوەو باس لە دیموکراتیزەکردنیشی دەکرێ نەک



پەرۆشی گیانی منداڵانی وڵاتەکەی نیە، بەڵکو دەیەوێ لەبەرپرسیارێتی رابکات و تاوانەکە وەئەستۆی هێزەکانی ئەمریکاوە بدات کە گوایە لە ناوەختا هەڵیانکوتاوەتە سەر هەتیوخانەکە.

وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەبەغدا گوتەیەتی:" ئەم مەسەلەیە هێزەکانی ئەمریکا دروستیان کردووەو پێویستی بە شیکردنەوەیەکی بابەتی و بێ لایەنانە هەیە، دوور لەهەر هەڵچونێکی دەروونی" ئەوەی ئەم قسانەی گوێ لێ ببێ دەزانی کە حکومەتی عێراق هەتا ئێستاش بەژیری و لۆژیکی چەق بەستووی کۆنینە رەفتار دەکات و نایەوێ راستیەکان بۆ گەلەکەی ئاشکرا بکات، دەنا چ کارەساتێک لەوە ترسناکتر و خەمناکتر هەیە کە منداڵانی وڵاتیک لەلایەن کاربەدەستانەوە ئازارو ئەشکەنجە بدرێن و دەست درێژی سێکسیان لێ بکرێ؟!

جەنابی وەزیر نەک هەر خۆی لەبەرپرسیاری دەدزێتەوە بەڵکو ئەو هێزە تۆمەتبار دەکات کە منداڵەکانیان رزگار کردووە، داوای دادگەی کردنیشیان دەکرێ! لێرە ئەو پەندە کوردیە وەبری دێتەوە کە دەڵێ: یا خاوەن ماڵ دزی گرت، دزە خاوەن ماڵی راپێچی دادگە کرد.

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لەجیاتی ئەوەی دڵنەوایی بکات و بەڵێنی سزادانی سەرپەشتیارانی ئەو خانەیە بدات کەچی پاساو دەهێنێتەوە و دەڵێ:" ئەو منداڵانە لەبەر گەرما جلەکانیان لەبەردا داکەنراوە و ئەو منداڵانەش کە شوێنەواری بەستنەوە بە دەستیانەوە دیارە، بۆ ئەوەی پیسایی خۆیان نەخۆن!!

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بەستنەوەی منداڵان بەوە پاساو دەداتەوە کە گوایە ئەو منداڵانە جیاوازی نێوان خۆراک و پیساییان نەکردووە، تا پیسایی خۆیان نەخۆن ئەوانیان بەستاوەتەوە!!

ئەگەر دەستووری عێراق کاری پێبکرێ، ئەگەر یاسا لەو وڵاتەدا سەروەربێ کە ئەمریکا دەیەوێ بیکا بە نموونەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناڤین دا دەبێ بێ وەستان سەرپەرشتیارانی خانەکەو وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی راپێچی دادگە بکرێن و سزا بدرێن.

ئەگەر تروسکاییەک بۆ داهاتووی دیموکراسی و ئازادی هەبێ، دەبێ پەرلەمانی عێراق سەرۆکوەزیران بانگهێشت بکات و روونکردنەوەی لێبخوازێ، ئەگەر نوری مالکی پشتیوانی لە وەزیرو سەرپەشتیارانی خانەکە بکات، پێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق متمانە لە کابینەکەی وەربگرێتەوەو کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ رابسپێرێ، پێچەوانەی ئەوانە دەبی فاتیحا بۆ دیموکراسی و ئازادی بخوێنین.

## هۆزەکانی عێراق پڕچەک دەکرێن

شەماڵ کانەبی

رۆژی هەینی رابردوو حکومەتی عێراقی لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد کە نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرەڕای هەبوونی ترس لە دروستبوونی چەند میلیشایەکی نوێ، لیژنەیەکی بۆ چەکدارکردنی هۆز و عەشیرەتەکانی عێراقی پێکهێناوە، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان!

لە بەیاننامەکە داهاتووە، مالکی لیژنەیەکی ناوەندی باڵای پێکهێناوە بۆ سەرپەرشتی کردنی چەکدارکردنی هۆزەکان، لیژنەکەش بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمەکراو پاڵپشتی لەچەکداربوونی ئەو هۆزانە دەکات کە دەیانەوێ دژی تیرۆریستان رابوەستن.

ئەگەر تۆزێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، وەبیرمان دێتەوە کەلە سەرەتای کۆدیتای ١٩٦٣ دا بەعسیەکان لەژێر ناوی پاسەوانی نەتەوەیی ژمارەیەک هۆزی عەرەبیان پڕچەک کرد، دوایی ئەو حەرەس قەومیانە هەڵمەتی دژ بە کوردیان دەست پێکرد. ئێستا هەرای عەرەبانی ساڵی ١٩٦٣ لە گوێچکەی ئەو کەسانەدا دەزرنگێتەوە کە شاڵاوی ئەو پاسەوانانەیان بینووە کە چۆن پەلاماری کوردیان دەداو دەیانکوشتن، موڵک و ماڵیشیان بە تاڵان دەبردن. دواتر رژێمی سەدام بەبیانۆی پاراستنی سنوورەکان هۆزە کوردەکانی پڕچەک کرد، ئەمەش بەهای ئەخلاقی لێداچۆڕاو چەمکی کوشتن و بڕین برەوی پێدرا، تەنانەت زۆرێک لەو فەوجانە شان بەشانی سوپای بەعس بەشداریان لە شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردان کرد، هەزاران ژن و منداڵیان قۆڵبەست کردو رەوانەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کران، ئێستاش حکومەتی عێراق دەیەوێ ئەزموونی رابردوو دووپات بکاتەوە، ئەمجارەیان لە پەنای شەڕی تیرۆر هۆزەکان پڕچەک دەکاتەوە، هەڵبەت پڕچەکردنی هۆزە عەرەبیەکان داهاتووی مەترسیداری هەیە. ئەو هۆزانە زۆربەیان سوننە مەزهەبن، بۆ خۆیان دەستیان لەگەڵ تیرۆریستان دایەو تەقینەوەکان بەرێوەدەبەن. هەروەها ئەو هۆزانە زۆربەیان باوەڕیان بە دابونەریتی هۆزایەتی هەیە کە پشت بە تاڵان و برۆ و رێگری دەبەستێ، بۆیە زۆر ئاساییە کە ئەو هۆزانە لە داهاتوودا دەست بە کوشت و بڕی زیاتر بکەن. لەهەمان کاتیشدا وەکو بەرمیلی باروتی لەسەر پێ دەبن بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی نێوەخۆ. ئەگەر شەڕی نێوەخۆ لە کەرکوک یان موسڵ روویدات، خوێنێکی زۆر دەرژێ. کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان کوردو عەرەب قوڵتر دەبێتەوە، کەواتە ئەرکی سەرکۆمار و لیستی هاوپەیمانی کوردستانە کە دژی ئەو کارەی حکومەت رابوەستن.

کورد گوتەنی پێش"تا" با بەر بە خۆمان دابدەین، دەنا وەدرەنگ دەکەوێ. ئەگەر هۆزەکان چەکدار کران چ هێزێک دەتوانێ پێشگریان لێبکات؟! ئەگەر هۆزەکان شەڕیان هەڵگیرسان دەزانن چی دەقەومێ؟!